بەهی لافاو و بارانەوە زیاتر لە 30 کەس گیانیان لەدەستداوە و هەزاران کەسیش لە تایلەند و مالیزیا ئاوارەبوون

بەهی لافاو و بارانی وەرزی زیاتر لە 30 کەس گیانیان لەدەستداوە و دەیان هەزار کەسیش ئاوارە بوون، و هەردوو وڵاتی مالیزیا و تایلەند پێناگە و پلانی چۆکردنیان ئامادەکردووە لە چاوەڕوانی بارانبارینی زیاتر.

فەرمانگەی خێپاراستن و کەمکردنەوەی کارەساتەکانی تایلەند لە لێژهاتی ئاسیا دەڵێت: لەماوەی ئەم هەفتەیەدا 25 کەس بەهی لافاوەوە لە باشووری وڵاتەکە گیانیان لەدەستداوە، هەروەها زیاتر لە 300 هەزار خێزان زیانیان بەرکەوتووە و زیاتر لە قوتابخانە و 98 بنکەی تەندروستی ناچار بوون دابخرێن بەهی لافاوەوە و وەزارەتی تەندروستی ئەو وڵاتە ڕایگەیاندووە، زیاتر لە 34 هەزار کەس ڕزگارکراون لەو لافاوە.

لە وڵاتی مالیزیا لایەنی کەم شەش کەس گیانیان لەدەستداوە و نزیکەی 85 هەزار کەس گوازراونەتەوە بۆ قوتابخانە و ناوەندەکانی فریاگوزاری، بەهی گەیشتنی لافاوە بۆ ناوچە و ماڵەکانیان.

بەهی ئەو لافاوەوە کە چەند ڕۆژێکە هەردوو وڵاتی مالیزیا و تایلەندی گرتەوە، بەشێکی زۆری کێڵگەکانی برنج ژێر ئاو کەوتووە و ملیۆنها دۆلار زیانی بە جووتیاران گەیاندووە، بارانێکی بەخۆ زیانی بە ڕەگاوبان و ماڵ و دامەزراوە گشتییەکان گەیاندووە لە ناوچەی کیلانتان و بەشەکانی تری مالیزیا.

ئەنوەر ئیبراهیم، سەرۆک وەزیرانی مالیزیا گوتوویەتی: پێنج هێڵ بارانبارینی بەخۆ کە هەفتەی ڕابردوو لە کەناراوەکانی هێڵەهاتی وەاتەکە باریوە یەکسانە بە بڕە بارانێی کە لە شەش مانگی ڕابردووا باریوە و زیانێکی زۆری بە مالیزیا گەیاندووە.